هەگبەی ئەمرۆ (5)

# كوا هەڵوێستی پەرلەمانتاران بەرامبەر بە حیزبەكانیان دەرهەق بە پەرلەمان.!!

2005-05-28 ئە.كەمال غەریب ك.

نەبوونی پەرلەمان یانی بەردەوامیی هەرەشەكان و رۆ چوونی خاكی ژێر پێیی هەموو كورد..!!
ئایا پەرلەمان لە كام وولات تاپۆدار بووە....؟
ئایا كلیلی پەرلەمان لە گیرفانی كام لەو تاپۆدارانە دایە .....؟
ئەی كە وانییە بۆ پەرلەمان وەک دوكانی سیاسی كلیلی هەیە ..؟
بۆ خەڵكی كورد بێهەڵوێستن و بێ باكن لەم مەسەلە چارەنوسسازە، كوا هۆشی كورد بوون..!!!
ئەی بۆ دەنگیاندا بەم شتەی كە ئەمرۆ كورد پێی ئەڵێن پەرلەمان ..؟؟
گەر ئاسایشی نەتەوەی كورد بوونی هەیە ، ئایا ئەم ئاسایشە ئێستا لە كام ئاستدایە..!!
بۆ خۆشەویستی پەرلەمان لای كورد لە ئاستی، خۆشەویستی یاری تۆپی پێی ئیسپانییەكاندا نییە

بێوێنەترین ڕووداو ، وە خاڵی وەرچەرخانی ڕووداوە سیاسییەكان لەبوونی نەتەوەی كوردەوە تا ئەمرۆ خاوەنییتی بووە بە پەرلەمان...تەنها جیاوازیمان لەگەڵ گەلانی جیهاندا لە بارەی ئەم ڕووداوە سیاسییە مێژووییە، ئەوەیە كە كورد ، نەی توانیوە بیكات بە كەعبەی بڕیاری سیاسی خۆی و داڕێژەری بڕیارە چارەنوسسازە نەتەوەییەكانی خۆی ، ئەگینا چۆن كۆمەلە چەكدارێكی حیزبی داگیری ئەكات و پەتی ئەكات.[ دوور نییە كورد تا ئێستا لە دوورگەی حیزبی میلیشایی گیری خواردبێت و شەر بە ووشەی پەرلەمان بفرۆشێت ].

تەنانەت ئەتوانم بڵێم گەر لادان نەبێت لە هێڵە سوورەكان كە كورد شایەنی پەرلەمانی سەپێنراو نییە بۆیە بەم شێوە ناشارستانیی و ناهۆشمەندانە مامەڵەی لەگەل دەكات :[ ئەی كە وانییە بۆ پەرلەمان وەک دوكانی سیاسی دەرگەكەی دادەخرێت ].

لەم ڕۆژانە 17 پەرلەمانتار مانیان گرت، ئەمە زۆر نزیكە لەوەی كاتێک گوێ بیستی كۆمەڵێک كریكاری مانگرتوو ئەبیت...؟

لە كام جیهانی شارستانییەتدا پەرلەمانتار مان ئەگرێت،بەلاَم ،بۆ چی ؟ بۆ كردنەوەی دەرگای داخراوی پەرلەمانەكەیان....ئەمەیە تراژیدیای پەرلەمانتارانی كورد......!!!

شەهید بوونی پەرلەمان بە جوانەمەرگەیی و ناشتنی لە تابووتی ئەقڵی مردووی ئەواندا ، ئەگەڕێتەوە بۆ نامۆبوونیان بە دیالۆگ و ڕوونی پەیڤكردن و بەرسیفدان و ڕاستگۆیی و تف كردن لەسەنگەرگرتن لە یەک وسەروەری یاسا و لۆژیک بەسەر بیریی تەسكی خێڵەكی و عەقڵی ژەنگاوی چەخماخسازی . بۆیە بڕیاری پەرلەمان هیچ كات لە ماوەی ئەو گاگۆڵكیەی كە پەرلەمان كردی ، بەرزتر نەبوو لەئاستی بچوترین كۆبونەوەی پارتی یان یەكێتی بۆ بڕیارێكی حیزبی خۆیان، وە ماوەی بە یەككەیشتن لە نێوان خەڵكی كورد و پەرلەمان ، وەک ماوەی نێوان زەوی و ئاسمان بووە. تەنانەت پیرۆزی پەرلەمان لای ئەم دوو حیزبە تا ئەمرۆ نەی توانیوە بگاتە ئاستی پیرۆزی

و فێنکی هاوینە هەواری سەلاحەدین یان دووکان لەم گەرمایەی هاویندا.. هەر بۆیە گەر کۆببنەوە، نا بێت ئەوپیرۆزییە بدەن بە شان و شەوکەتی پەرلەمان( دوور نییە خوودی پەرلەمان شایستەی ئەم ڕێزە نەبێت تا پێی ببڕێت)، لەوەش گرنگتر سەرکردەی ئەم دوو پارتە ، مۆنۆپۆڵە چۆن کێشەی سیاسی خۆیان ئەخەنە بەردەم دەیان پەڕلەمانتارانی ناو پەڕلەمان ، چونکە ( کورد گۆتەنی قسە کەوتە زارێ . قسە کەوتە شارێ ). تەنها کار تا ئەمڕۆ کورد بەرجەستەی کردبێت ، لە پێناوی زمانی لێکدانەوە و ووروژاندنی پرسیارە وون بووەکان ، گەر وەڵامێشی نەدرابێتەوە ،دەنگدانیان بووە بە پەڕلەمان وناساندنی بووە بە مێژوو...!!!

هەربۆیە ئەم پەڕلەمانە تەنها بە ناوەکەی وەک دووپشکی شارەزوور دای بە زمانی تاڵ و ژەهراوی هەموو داگیرکەرانی کوردستانەوە. بۆیە ئەوانێش هیج درێخییەکیان نەکرد لە خنکاندن وسەرکووت کردنی ، تا کلیلی پەڕلەمان کۆپی بکەن و ئێستا بەو دەردەی ئەمرۆیان گەیاندووە...!!!

لێکدانەوەی باروزروفی کوردستان و چارەنووسی گەلێکی ئەنفالکراو ، ئایا کێ ئەتوانێت لەوان باشتر توێژینەوەی لە سەر بکات یان بڕیاری لە سەر بدات، ئێمەی کوردی دەرەوەی پۆلی حیزبی لە ماوەی ئەم 15 ساڵەدا چیمان بیست لە زمانی میدیایی ئەوان دەربارەی ووتوێژەکانیان لەگەڵ سەرانی ئارەب و تورک و فارس و ئەمریکا و جیهان، لە سەر کەرکووک و گۆڕی ئەنفالکراوەکان و دادگایی تاوانباران و .....تادوایی، .من ئەڵێم هیچ و هیچیش نابیستین ، چونکە ئەوان مافیان هەیە بەسەر نەتەوەدا ،نەک نەتەوە بەسەر ئەواندا، هەر بۆیە نزیکەی 75% کورد دەنگیان بۆدان ،تۆ موچەخۆری ئەوانیت ،بۆیە تۆ ئەبێت ملکەچی هەموو بڕیارەکانیان بیت }.

ئێستاش بێدەنگیت مایەی ڕیز و خۆشەیستی بێپایانی ئەوانە..!!!

کەواتە تۆی کوردیش کە دەنگت بەوان داوە بە کەم بێت یان زۆر شەریکی هەموو جەمسەرە سیاسییەکانیت، بۆیە بێدەنگیت و بێباکیت، وەک هەڵوێستی ئەوان وایە ، بەرامبەر ڕێز و پاییەی پەڕلەمان ؟؟ هەر بۆیە هیچ دوور نییە ، لەمڕۆوە ، پەرلەمان ببێت بە مۆزاخانەیەکی سیاسی ، تا نەوەکانمان بڵێن ئەها پەڕلەمانێکمان هەبوو لە شاری قەڵاو و منارە!